# خەمەکانی کۆچ لەنێوان خەونی ئەرخەوانی وژیانی ئاوەدانیدا

**تاریق جەوهەر سارمەمی**



رۆژانە لەمیدیاکانی کوردی دا قسەو باسێکی زۆر لەسەر لایەنە خراپەکانی دیاردەی کۆچی کوردان بەرەو هەندەران وبریاری حکومەتی سویدی وهەولّی چەند ولاّتێکی ئەوروپی دەکرێ کەبەنیازن پەنابەرانی کورد بۆکوردستان بگێڕنەوە. ئەمەش بەو مانایە نییە کەکۆچ بەرەو هەندەران دیاردەیەکە تەنیا پەیوەندی بەکوردەوە هەیە، بەڵکو زۆر دەمێکە لەنێو زۆربەی میللەتانی دنیادا بەرچاو دەکەوێت، لەوانەیە ئەم دیاردەیە هەندێك لایەنی ئیجابی تیابێ کەبتوانرێ دوارۆژ بەقازانجی کێشەی نەتەوەیی کورد سوودی لێ وەربگیرێ. بەلاّم بەگشتی ئەمڕۆ لەئەنجامی کۆچ بەرەو هەندەران دەیان کێشەو گرفتی کۆمەلاّیەتی لەناو کۆمەڵگەی کوردستان بەگوند نشین و شارنشینەکانیانەوە دروست بووە. لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەلایەنێکی سلبی ئەو دیاردەیە بکەم کەهاورێیەکم بۆی باسکردم، ئەویش زۆربوونی کۆچی گەنجانی خەڵکی گوندو ناوچە سنوورییەکانە، کەلەدوای راپەڕینەوە بە پێگیری و کۆششێکی زۆری حکومەتی هەرێم و کۆمەکی رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان ئاوەدانکراونەتەوە بەتایبەت لە هەندێك گوندی ناوچە سنوورییەکاندا کەبوونەتە رێڕەوێکی سەرەکی دەروازەی کۆچی گەنجان بەرەو هەندەران لەسنوورەکانی ئێران و تورکیادا. گوند هەیە، تێکڕای گەنجەکانی روویان لەهەندەران کردووە، بەو هیوایەی کەلەئەوروپا ژیان و ئایندەیەکی باشتر بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن بەشێوەیەك کەکچان وژنان ئیشوکارەکانیان وەئەستۆگرتووە. ئەو گەنجانەش کەهێزی بنەڕەتی بەرەو پێشبردنی کۆمەڵن و پێویست بوو لەم رۆژگارەی ئازادو ئاوەدانیەدا بەشداربوونایە، کەچی بەداخەوە روویان لەهەندەران کردووەژیانی تاراوگەیان هەڵبژاردووە.

بۆیە گرفتەکە لەچەند روویەکەوە لێرەوە دێتەپێشەوە، لەلایەك پەیوەندی بەچارەنووسیی نادیاری ئەو پەنابەرانە خۆیانەوە هەیە، چونکە جگەلەمەترسیەکانی رێگا قاچاغەکان وفرِوفێڵی قاچاغچیە بێویژدانەکان وپاش خەرجکردنی پارەیەکی زۆر ئەگەر بەخت یاریان بێت پاش ناخۆشیەکی زۆرو بەکوڵەمەرگی دەگەنە ولاّتانی ئەوروپا.

لەوێشدا دەبێ چەند ساڵێك بەدیار چارەنووسێکی نادیارەوە دابنیشن، ئاخۆ کەی ئەستێرەی بەختیان هەڵدەکشێ وبەپەنابەری وەردەگیرێن ! یان کەی بواری کاریان بۆ دەڕەخسێ؟!

هەرچی گرفتی خێزاندارەکانیشە لەوە دوورترو گەورەتر دەڕوات، ئەگەر ژیانی تاروگە نەیگۆڕیبن وخەسلەتی کوردەواری خۆیان پاراستبێ، لەنێوکەمپی بێهیواییدا دەکەونە نێو دنیای خەم وبیرکردنەوە لەخێزان ومناڵەکانیان، کەدوورلە سۆزی باوکایەتی جێیانهێشتوون، لەمەشدا هەم خۆیان هەم خانەوادەکانیشیان تووشی چەندین کێشەی دەروونی وکۆمەلاّیەتی دەکەن. دیارە ئەوەی خۆش بەخت بێ دوای دەرچوونی ئیقامەکەی کارێکی سەرپێیی دەدۆزێتەوەو دەتوانێ ناوە ناوە چەند یۆرۆ وگەلاّ یەك (دۆلارێك)بۆماڵەوە بنێرێتەوە، ئەمەش تاراددەیەك دەبێتە مایەی بازار گەرمی وبوژاندنەوەی گوزەران وبژێوی خێزانەکانیان لەکوردستاندا. بەلاّم بۆلادێ نشینەکان، کە بەشی زۆری کوڕو گەنجەکانیان گەیشتوونەتە هەندەران، لەدوای خۆیان گرفتێکی کۆمەلاّیەتی گەورەیان جێهێشتووە ئەویش مانەوەی بێمرادانەی ئەو هەموو کچە عازەبانەیە کەلەماڵە باوانیان بەدیار چاەنووسێکی نادیار دانیشتوون ! بەو هیوایەی کەرۆژێك بێت، شۆڕەلاوی دێ بگەڕێتەوەو ئاهەنگی زەماوەند سازبکەن. تا ئەورۆژەش شەنگە بێری هەرخەریکی مەردۆشین ولەدڵەڕاوکێ وچاوەڕووانییدا دەژی.

هەروەك دەبێتە هۆی ئەوەی کە جوتیاران وگوند نشینەکانمان دوای ئەوەی بڕێك پارەیان بەدەست دەگات، بیرلەدۆزینەوەی ژیان وگوزەرانێکی باشتر بکەنەوە لەوەی کەهەیانە. بۆئەم مەبەستەش دەکەونە کڕینی خانوو زەوی لەشارەکانداو بەهۆیەوە گوندەکانیانو زەویە کشتوکاڵییەکانیان چۆڵ دەکەنو بێنەوە ناو قەرەباڵغیو (دنیای ئاوەدانی) شارەکان. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆچی پێچەوانە لە لادێ نشینیەوە بۆ شارنشینی، کە زیانێکی زۆر بە بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە وبوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی دەگەیەنێت، ئەمجارەیان چۆڵکردنێکی تری گوندەکان بەدەستی خۆمان دەست پێدەکات.

بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندارەکان بەووردی لەو بابەتە بکۆڵنەوەو لەڕێی بەرنامەو ستراتیژێکی تایبەتیەوە رووبەڕووی ببنەوە.

www.kurdistannet.org